
دانیشتنی ٢

ناساندنی ئازادیی بیرکردنەوە، ویژدان، ئایین یان باوەڕ

# گۆرانی شمشاڵ و تەپڵ



THE LOCAL
CHANGEMAKERS
COURSE

# گۆرانی شمشاڵ و تەپڵ

لەرِێی کاثێرین کاش و سیدسڵ ماری وینثەر پراگ
لە لایەن تۆبی نوسەمەوە کێشراوە

ەم چیرۆکە بنەمایەک بۆ "ڕاهێنانی سەردەمانێک" دادەڕێژێت، لە سلایدەکانی ٣-٢٣ی دانیشتنی ٢ی پاوەرپۆینتەکە خراوەتە ڕوو.



**گۆرانی شمشاڵ و تەپڵ**



سەردەمانێک، دوو گوند هەبوون



خەڵکی گوندەکە بە تەپڵ لێدان و سەماکردن بەنێوبانگ بوون. هەر کە منداڵێکیان پێی دەگرت، تەپڵێکیان دەدایە دەستی. تەپڵی بچووک هەبوون کە ئاوازیان وەک نەرمە بارانێک بوو، هەروەها تەپڵی برووسکەئاسای گەورە کە پێویستی بە دوو کەس بوو بۆ هەڵگرتن. تەپڵ لێدان هاوبەشی ژیان و ئاهەنگگێڕانەکان و شیوەن و هەموو شتێک بوو لەو نێوەندەدا - هەروەها خەڵکەکە پێیان وابوو کە تەپڵ لێدان هاوسەنگی ژیانیان لەگەڵ ڕۆحی دارستاندا دەپارێزێت.



خەڵکی گوندی دۆڵی خوارەوە هەرگیز لە تەپڵلێدەرەکان تێنەدەگەیشتن. هەروەها تەپڵلێدانیان بە بێزارکەر دەزانی و لە هەر 'لێدان'ێکی سادەدا پێکەنینیان پێی دەهات. کاتێک کوڕێک لەم لادێیەدا لەدایک دەبوو، باوکی لە دار یان ئێسک شمشاڵێکی دادەتاشی، بەم جۆرەش کوڕەکە تا کۆتایی ژیانی شمشاڵەکەی لەڕێی پەتێکەوە دەکردە ملی. ساڵانێکی زۆری خایاند تا شارەزای چریکە و ئاوازەکانیان بوون، هەروەها خەڵاتی ڕێزلێنان دەبەخشرایە ئەو پیاوانەی کە لێهاتوویان دەبووە هۆی ئەوەی شمشاڵەکە هێندە شیرین بچرێت، خواوەندی فیردەوسەکان شاگەشکە بکات و باران و خۆرەتاو بە کێڵگەکان ببەخشێت.



هەرچەندە گوندنشینەکانی گوندی تەپڵ، هەفتانە بۆ فرۆشتنی کاڵاکانیان دەچوونە بازاڕی گوندی شمشاڵ، بەڵام خەڵکی ئەو دوو گوندە تێکەڵ نەدەبوون. تەپڵلێدان لە بازاڕدا قەدەغە بوو. زۆر خاوەن کۆشکی گوندی شمشاڵ ڕەتیان کردەوە شمەکەکانیان بە تەپڵلێدەرەکان بفرۆشن و تەپڵلێدەرەکان لە گوندنشینانی گوندی شمشاڵ ناڕازی بوون.



کچێکی گەنجی تاقانە بە ناوی زیانا لە گوندی شمشاڵ دەژیا. کونجکۆڵی و میهرەبانییەکەی وایکردبوو هەمووان خۆشیان بوێت. کاتێک تەمەنی ١٠ ساڵان بوو، باوکی نەخۆش کەوت. ڕۆژێکیان، باوکی بانگی کردە لای خۆی، "کچە ئازیزەکەم، من هێندەم نەماوە لە ژیان. شمشاڵەکەم هەڵگرە و بیکە ملت، بەم شێوەیە هەمیشە پێکەوە دەبین" زیانا زۆر دڵتەنگ بوو؛ بۆ کچان نەریت نەبوو شمشاڵ هەڵگرن، بەڵام هەر زوو پرسیاری لە خۆی کرد، "بۆچی نابێ ڕێگەم پێ بدرێت شمشاڵ بژەنم؟ شەوێکیان باوکی مرد، زیانا شمشاڵەکەی هەڵگرت و لە ملی کرد.



کاتێک زیانا گەورە بوو، یارمەتی دایکی دەدا لە چاندنی سەوزە تا بتوانن لە کۆشکەکەی خۆیاندا بیفرۆشن. هەرچەندە ئەو کەسێکی ئازا و میرهرەبان بوو، بەڵام خەڵکی گوندەکەی زیانا زۆر جار بەهۆی شمشاڵەکەی ملییەوە گاڵتەیان پێ دەکرد. هەندێک جار هەوڵیاندەدا ڕازی بکەن تاوەکوو شمشاڵەکە دابنێت، بەڵام ئەو ڕەتی دەکردەوە. هەر کە دەرفەتێکی هەبووایە، زیانا دەچووە دارستان تا شمشاڵەکەی باوکی بژەنێت.



لە ڕۆژێکی لەو شێوەیەدا، زیانا گوێی لە لێدانێکی نزمی تەپڵ بوو، کونجکۆڵانە، بە ناو دارستاندا بە دوای لێدانەکانی تەپڵەکەدا دەرۆشت تا گەشتە شوێنێکی کراوە، لەوێ گەنجێک تەپڵی لێدەدا و گۆرانی دەچڕی، لە هەمان کاتدا خوشکەکەی میوەی لە دارێک دەکردەوە. زیانا ئەوانی لەڕێی بازارەکەوە ناسییەوە- ئەوان خوشک و برایەک بوون بەناوی ئۆنۆ و ئیریس.

زیانا خۆی لە پشت دارەکانەوە شاردەوە و دەستیکرد بە ژەنینی شمشاڵەکەی. گۆرانی شمشاڵەکە و ڕیتمی تەپڵەکە شانبەشانی یەک بە ئاوازێکی زۆر جوان سەمایان دەکرد.

کاتێک گۆرانییەکە تەواو بوو، زیانا کونجکۆڵانە بەرەو ڕوویان هەنگاوی نا. ئۆنۆ و ئیریس سەریان سوڕما کاتێک کچێکیان بە شمشاڵێکەوە بینی، بەڵام زەدەخەیەکیان کرد، زانیان ئەویش وەک ئەوان ڕێی پێ نادرێت لە گوندی شمشاڵ ئامێرەکەی بژەنێت. ئیریس هەندێک میوەی دا بە زیانا، پاشان هەرسێکیان پێکەوە گفتوگۆیان دەکرد و تا دەمەو ئێوارە مۆسیقایان دەژەند.



ڕۆژی دواتر، زیانا هاوڕێ نوێیەکانی لە بازار لە بەردەم کۆشکی چایەکەدا بینی. خاوەن کۆشکەکە هاواری کرد بەسەریدا، "چەپەڵی تەپڵێدەر لێرە دوور بکەوە" ئۆنۆ زۆر تورە بوو، بەڵام ئیریس دووری خستەوە. کوڕی خاوەن کۆشکەکە، کە خەریکی چا تێکردن بوو بۆ ئۆنۆ، هەستی بە شەرمەزاری دەکرد.



زیانا هەرگیز پێشتر لەبارەی هێماکانی 'نا بۆ تەپڵێدەرەکان' بیری نەکردبووەوە. هەستی بە دڵگرانی دەکرد کاتێک تێگەیشت لەگەڵ دایکیدا لە کۆشکەکانی تەپڵێدەرەکان هەرگیز هیچ شتێکیان نەکڕیوە.

ئەو شەوە زیانا لە دایکی پرسی بۆچی هەرگیز نەچوون بۆ کۆشکی تەپڵێدەرەکان، دایکی لە وەڵامدا گوتی "وا باشترە پابەند بیت بەوەی کە دەیزانیت" ، بەڵام زیانا تێنەدەگەیشت و بەردەوام دەیپرسی بۆچی ناکرێت هەمووان لە هەموو شوێنێک پێشوازییان لێ بکرێت، بە جۆشەوە باسی لە میوە بەتامەکانی ئۆنۆ و ئیریس دەکرد کە لە کۆشکەکەیان دەیفرۆشن. لە کۆتاییدا، دایکی زیانا ڕازی بوو لە ڕۆژی بازارکردنی داهاتوودا، هەندێک لە میوەکانیان تاقی بکاتەوە.



لە هەمان کاتدا لە ماڵی خاوەن کۆشکی چایەکەدا مشتومڕێکی تر سەری هەڵدا، ئەمەش کاتێک کوڕی خاوەن کۆشکەکە، برۆن، پرسیاری لە مامەڵەی باوکی دەکرد لەگەڵ تەپڵێدەرەکاندا. خاوەن کۆشکەکە یەکێک بوو لە هەرە ژەنیارە ڕێزلێنراو و سەربەرزەکانی شمشاڵ لە گوندەکەدا. باوک و باپیرەی ژەنیارێکی زۆر لێهاتوو بوون، بەڵام کوڕەکەی تەواو نائومێد بوو. گرنگ نەبوو برۆن چەند هەوڵی دەدا، بەڵام تەنانەت فێری هەرە سەرەتاییترین ئاوازەکانیش نەدەبوو. پاش ساڵانێکی زۆر لە ڕاهێنانی ناچاری و سەرنجی نەرێنی و ڕەق، برۆن هیچ حەزێکی بۆ شمشاڵ نەمابوو. هەستی دەکرد خەونی بە ئاوازێکی دووری تەپڵ و ژیانێکی ترەوە دەبینی.



لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا، زیانا، ئیریس و ئۆنۆ بەردەوام لە دارستانەکەدا کۆدەبوونەوە و پێکەوە دەیانژەنی. ئەوان خەونی زۆریان هەبوو- خەونیان بە سەردەمێکەوە دەبینی کە هەمووان پێشوازییان لێ بکرێت، ئەو کاتەی تەپڵ و شمشاڵ پێکەوە بە ئاشکرالێ بدرێن، لە کوێ بیانەوێ بتوانن مۆسیقا جوانەکانیان پێکەوە لە بازاڕدا بژەنن.

---



هەموو هەفتەیەک، ئۆنۆ و ئیریس سەردانی زیانا و دایکیان لە کۆشکی سەوزەواتەکان دەکرد، دایکی زیانا میوە و چەرەزاتی لێیان دەکڕی. ڕۆژێکیان، ئۆنۆ سەرنجی دا کە دایکی زیانا کونجکۆڵانە تەماشای ئەو تەپڵە دەکات کە بە پشتوێنەکەیەوە کراوە.

ئۆنۆ وتی، "ئەمە تەپڵی پێکەنینە"، "دەنگەکەی بە واتای دڵخۆشی دێت، کاتێک تەپڵ لێدەدەم منداڵەکان سەما دەکەن و پێدەکەنن". دایکی زیانا سەرسام بوو.

هەروەها تەپڵلێدەرەکانی تر لە دەوریان کۆبوونەوە، زیانا و دایکی دەربارەی تەپڵەکانی ئەوانیش دەیانپرسی. ئەو ڕۆژە، دایکی زیانا زۆر بە خێرایی سەوزەکانی فرۆشت. هەندێک لە کۆشکەکانی دراوسێی، دڵتەنگ بوون بە پێشوازیکردنی دایکی زیانا لە تەپڵلێدەرەکان بۆ بەشی خۆیان لە بازاڕەکە، بەڵام دایکی زیانا دەیزانی ئەگەر هەمووان بتوانن لە یەکتر بکڕن، بۆ هەمووان باشتر دەبێت.

---



لە تەنیشت کۆشکەکەی خۆیانەوە، پیرە پیاوێک بەهاراتی دەفرۆشت، بەڵام بازاڕی خراپ بوو. ئۆنۆ پێشنیاری بۆ کرد تا تابلۆیەک هەڵواسێت و لەسەری بنووسێت "هەمووان بەخێربێن" ئەمە بۆ بەرزکردنەوەی بازرگانیی، تابلۆکەی بۆ پیرەپیاوەکە کێشا لەگەڵ وێنەی تەپڵ و شمشاڵ لەسەر هێماکە.

بەم شێوەیە، بازاڕی پیرەپیاوەکە زیادی کرد، هێدی هێدی ڕەزامەندی خاوەن کۆشکەکانی تریش زیادی دەکرد. تابلۆی "هەمووان بەخێربێن" لەسەر هەموو خاوەن کۆشکەکانی تەپڵلێدەرەکان و شمشاڵژەنەکان دەرکەوت. بازاڕیش گەشەی سەند.

---



بەڵام هەموو شتێک باش نەبوو، باوکی بڕۆن ترس و دڵەڕاوکێی هەبوو بە هاتنەناوەوەی تەپڵلێدەرەکان بۆ شوێنەکەی ئەو لە بازاڕدا. ئەوانی وەک هەڕەشە بۆ ڕێبازە نەریتییەکان دەبینی، ئەو کەسانەی کۆکردەوە کە هەمان هەستیان هەیە بۆ دڕاندنی تابلۆکان و هەراسانکردنی تەپڵلێدەرەکان. گرژی لە بازاڕدا پەرەی سەند و ئەنجوومەنی بازاڕیش لەمە نیگەران بوو.

---



بڕۆن ڕەتی کردەوە بەشداری لە پیلانەکەی باوکیدا بکات. لەبری ئەوە، لەگەڵ پیرەپیاوە بەهاراتفرۆشەکە قسەیان بۆ ئەنجوومەنی بازاڕ کرد و ڕازییان کردن تا میوانداری کۆنسێرتێک بۆ هەمووان لە بازاڕەکەدا بکەن. ڕەنگە باوکی بڕۆن و ئەوانی تر، تەپڵلێدەرەکان پەسەند بکەن کاتێک گوێیان لە چیرۆک و گۆرانییەکانیان دەبێت.

---



دەنگۆی کۆنسێرتەکە بڵاو بووەوە و خەڵک لە دوورەوە دەهاتن. خاوەن کۆشکەکان زۆر زیاتریان لە ڕۆژێکی ئاسایی دەفرۆشت. لە کۆتاییدا، کاتی کۆنسێرتەکە هات. پیرەپیاوە بەهاراتفرۆشەکە ئاوازێکی زۆر جوانی بە شمشاڵە دارەکەی دەژەنی، کچەکەشی گۆرانی سوپاسگوزاری خوای فیردەوسەکان بۆ کۆکردنەوەیەکی بەرهەمی باش دەچڕی. ڕوونی کردەوە بۆچی پاش ساڵانێکی زۆری کاری سەخت لە گەنجێتیدا، گۆرانییەکە مانایەکی قووڵی هەیە بۆی. باوکی بڕۆن بڕۆیەکی بەرز کردەوە کاتێک دەیڕوانییە زەردەخەنە و سەرلەقاندنی هەندێک لە تەپڵلێدەرەکانی ناو خەڵکەکە.



پیرەپیاوەکە ئۆنۆ و ئیریسی بۆ سەر شانۆکە بانگهێشت کرد. ئەوان چیرۆکی تەپڵەکانیان گێڕایەوە و ئاوازی چێژبەخشیان بۆ ڕێزلێنان لە ڕۆحی سەماکاری جۆگەی دارستانەکە دەچڕی، هەروەها گۆرانییە بروسکەئاساکان بۆ سوپاسکردنی ڕۆحی ڕەشەبا بۆ هێشتنەوەی داری میوەکانیان بە سەلامەتی. بۆ یەکەم جار، گوندنشینانی شمشاڵ هەوڵیاندا تێبگەن تەپڵ مانای چی بۆ تەپڵلێدەرەکان دەگەیەنێت. باوکی بڕۆنیش ڕووخساری گرژ کردبوو.



لە کۆتاییدا، زیانا چووە سەر شانۆ لەگەڵ ئۆنۆ و ئیریس. بیری لە باوکی دەکردەوە، شمشاڵەکەی بۆ لێوی برد و هەرسێکیان پێکەوە دەیانژەنی. بێدەنگییەکی قووڵ باڵی بەسەر ئامادەبوواندا کێشا. هەرگیز پێشتر گوێبیستی شمشاڵ و تەپڵ نەبوون پێکەوە و هەرگیز کچێکیان نەبینیوە شمشاڵ بژەنێت.

ئاوازی سوپاسگوزاری بۆ باران و خۆر لە شمشاڵەکەی زیاناوە لە کاتی خۆیدا بە هەوادا بڵاو دەبووەوە بە ڕەوتی سەماکردن لە تەپڵەکەی ئۆنۆوە.

گۆرانییەکە کۆتایی هات و ئامادەبووان هەموو تەماشای یەکتریان دەکرد. هەندێکیان بە دوودڵییەوە چەپڵەیان لێدەدا، لەکاتێکدا ئەوانی تر خۆیان لێ لادەدا. باوکی بڕۆن بەسەر زیانادا تەقییەوە "خیانەتکار" هاواری کرد و ڕۆشت.

ڕووخساری بڕۆن زۆر خەمبار بوو کاتێک سەیری باوکی دەکرد. سەری لەقاند و شمشاڵەکەی لە ملی کردەوە و لەسەر کۆشکەکەی باوکی داینا، جا گوندەکەی جێهێشت.



پاش کۆنسێرتەکە، وتووێژی زۆر لە هەردوو گوندەکەدا ڕوویدا، ئایا دەبێت هەمووان لە هەموو کۆشکەکانی بازاڕدا پێشوازییان لێ بکرێت؟ ئایا دەبێت ڕێگە بە کچان بدرێت شمشاڵ بژەنن و دەکرێت هەرگیز شمشاڵ و تەپڵ پێکەوە لێ بدرێن؟ پاش چەند مانگێک، هێشتا گوندنشینەکان نەیانتوانی هاوڕا بن.

پاش گوێگرتن لە ئەزموونی تەپڵلێدەرەکان و بینینی دڵسۆزی هەموو کەسەکەکان، ئەنجوومەنی بازار بڕیاری دا.

"هەموو کەسێک لە بازاڕدا بە باشی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت!"

قەدەغەی تەپڵلێدان هەڵگیرا و تابلۆکانی "نا بۆ تەپڵلێدەرەکان" هێنرانە خوارەوە. بەڵام بۆ پرسیارەکانی تری ژەنینی ئامێرەکان، ئەنجوومەنەکە ڕەتی کردەوە لایەنگری بکات. لەبری ئەمە، باوەڕی دڵسۆزانەی هەر کەسێک ڕێزی لێ دەگیرێت و ئازادن لە شوێنکەوتنی ئەو باوەڕە.



چەند ساڵێکی خایاند تاوەکوو تەپڵلێدەرەکان لە هەموو کۆشکێکی بازاڕەکەدا هەست بە پێشوازی بکەن، بەڵام زیانا و ئۆنۆ و ئیریس هەموو هەفتەیەک پێکەوە دەبینران کە گۆرانی شمشاڵ و تەپڵ دەچڕن، تا ئەو کاتەی پەنجەکانیان ڕەق بوون و پرچیان سپی بوو.